کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-10-2007 0:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**شایلۆغانی مەڕان ... د. ناصح قەرەداخی**

تێبینی: ئەمە دەربڕینێکی ئەفسانەویی هەستی نووسەرە کە لە سەرەتای دەسەڵاتی کوردی گەرمەی ئاودیوکردندا وەك نامەیەك بۆ هاوڕێی بەرێز کاك) سەردار فەتاح (م ناردبوو لە دەرەوە. لەوە ئەچێ ئەوکاتە زیاتر لە ئێستا گەشبین تر بووبم!!



دەبارەی گەلەی بێ شوان و شوانی نائینسان، ڕەوەگورگی برسیی بێ ویژدان و بارەو باعەی مەڕی نیوەگیان، فۆلكلۆری مەڕان پڕە لە بەسەرهات و ئەفسانەی پڕعیبرەت و جوان. دەگێڕنەوە دێرزەمان لە دۆڵێکدا کە کێوی بڵندی دیوارئاسا موچڕکەی لەرزی لە بناری خۆرنەدیودا دەخوڵقاند و ئاسمان ئەوەندی بۆ بارینی نەفرەتی خوا پێویست بێ بەدی دەکرا، دەنگ تەنیا لەگوێی خاوەنیدا دەزرنگایەوە و گوێچکە ترپەی پێی مێروولەی ئەوپەڕی دنیای دەبیست... لە دۆڵێکی ئەفسانەیی ئاوادا دەگێڕنەوە دێرزەمان گەلەگورگێکی چاوسوور پەلاماری مەڕان دەدەن.

ژمارەیان بێ سنوور
کەڵبە تیژ و رق ئەستوور
گورگی لەخوا بێ خەبەر
ڕانە مەڕ دەدەنە بەر

نە یەك نە دوو نە هەزار، هەتا دەتوانن دەکوژن، هەتا دەتوانن دەخۆن. ئەوی بارەی بێ دەخورێ، ئەوی دەستی بێ دەبرێ، ئەوی قاچی بێ دەخرێ. بەم جۆرە سایەی گورگ وڵاتی مەڕان تاریك دەکا و بۆتی گورگ تێکەڵی هەوا دەبێ و کەس بەبێ ئیجازە ناتوانێ هەناسە بدا.

ڕانە مەڕی بێ چارە
زیندانی چوار دیوارە
لە گوێچکەی خۆی نارازی
لە چاوی خۆی بێزارە
سەد خۆزگەیان بە لاڵی
زمان مایەی ئازارە

مەڕی بەستە زمان لە ژێر زوڵمی گورگاندا پشتیان دەنەوێ و برایەتییان دەپسێ. دەستەیەك بڕیار دەدەن ببنە گورگ، کۆمەڵێك بڕیار دەدەن بدەنە کێو، ئەوانی تریش بڕیار دەدەن دەست بگرن بە دووگی خۆیانەوە و نە ببنە گورك و نە دوژمنی گورگ، بەڵکوو هەر مەرەکەی جاران بن بەڵام سەرکز.

ڕۆژ بەرۆژ ڕێ و ڕەوشتی گورگان زیاتر لە ناو مەڕاندا ڕەگ دادەکوتێ و وای لێ دێ هەموو کەس ناتوانێ دووگی مەڕ لە کلکی گورگ جیا بکاتەوە. ژمارەی مەڕانی گورگ سیفەت روو لەزیادی و مەڕی سەرکز لەکەمی دەبێ. مەڕانی کێویش هەر ئەوەندەیان پێ دەکرێ جارجار چاوێك لە گورگان زیت بکەنەوە و لاکێکیان لەدەم بفرێنن.

ڕۆژان هاتن ڕۆژان چوون
گورگان سواری مەڕان بوون
زۆڵە مەڕی کەڵبەدار
دەستیان خستە بینی شار
ئەوی دەیەوێ نەمرێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-10-2007 0:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

سەرچۆپییان بۆ بگرێ

لەودیو شواری قەسابخانەی گورگانیشەوە مەڕانی کێوی، دوژمنانی زوڵم و گورگ، شەوو ڕۆژاتی تاریك ماندوویان دەكا. ئەوەندە چاودەبڕنە چاوی گورگ کوێراییان دادێ، ئەوەندە گوێ بۆ ترپەی پێی دوژمن شل دەکەن گوێیان کپ دەبن، ئەوەندە ددان لە گورگان جیڕ دەکەنەوە کەڵبەیان تیژ دەبن، ئەوەندە ویژدانی گورگان هەڵدەتەکێنن ویژدانیان لەرزۆك دەبێ.

پێشینیان واتەنی جام کە پڕ بوو لێ ی دەرژێ. پاش سەختی و کوێرەوەریەکی زۆر تەونی زوڵمی گورگان دەپسێ و خەونی دێرینەی مەڕان دێتە دی.

گورگ قڕانە و گورگ قڕان
گورگان هەڵاتنە کێوان
بارەو باعەی ئازادی
مەڕانی مەستی شادی
حەوت شەوو ڕۆژ بێ وەستان
کۆشکی زوڵمی هەڵتەکان

پاش ئەوەی مەستیی ئازادی بەری دان، لە دیوەخانی پیری مەڕان کۆبوونەوە و ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی هەموو برا و یەکسان بن و گەرچی مەڕ بە خوری و دووگ و باعەدا دەناسرێتەوە، بەڵام نابێ دەوڵەمەندی لە هیچکام لەوانەدا ببێتە هۆی ئیمتیاز و دەسەڵاتی زیاتر بۆ خاوەنەکەی. بێچارە خافڵ بوون لەوەی زوڵمی گورگان کردوونی بە سێ برا، دوانی گەورە و یەکێکی بچووك.

مەڕی گورگ سیفەتی هار
دوێنێ شاو ئەمڕۆ شالیار
مەڕی کێویی سەختی دیو
دوێنێ ڕووت و سم تەزیو
ئەمڕۆ خاوەن ئەمبارە
شوانی بێ پا و پادارە
مەڕی سەرکزی هەژار
ئەمڕۆش وەك دوێ کۆڵەوار

ئەمباری گورگان، گورگانی چاوبرسی و بێ ئیمان، پڕبوو لەنان، لەگۆشتی کاوڕی جوان، لە ئاڵفی مەڕان. مەرانی تادوێنێ ترساو، مەڕانی تا دوێنێ برسی، مەڕانی گورگ لێ نراو، هەر ئەوەندەی لە دیوەخانی پیر هاتنە دەرەوە قۆڕەی سکیان گوێچکەی ویژدانییانی کاس کرد و وەك تازە خوێ درابن و بەرو چەم رایی کرابن، ئارامیان لێ هەڵدەگیرێ و بەلەسە دەبن. دەرگای ئەمبار دەشکێنن، ئەمبار دەڕمێنن، ئاڵف دەردێنن، تیکەی دەمی یەکتر دەرفێنن.

سەیرانە براگەل سەیرانە
سەیرانی دوای گورگ قڕانە
تاراجی میراتی گورگانە
ئەمبار بڕین و فڕان فڕانە
پادار شاییە و بێ پا شێلانە
شاخدار دابەستن، بێ شاخ خورانە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەڵێن پاش ئەوەی ئاخوڕی گورگان فووی لێ دەکرێ و هیچ نامێنێ شەڕی لەسەر بکەن، مەڕان ئارام دەگرن و دەگرێنەوە سەر سروشتی پاکی خۆیان. بەڵام ریوایەتێك كە گوایە لە دەمی گورگانەوە بڵاوبۆتەوە دەڵێ لەم کەین و بەینەدا گورگەل فرسەت دێنن و دووبارە کەڵبە لەقوڕگی مەڕان گیردەکەنەوە.

******

بەهاری 1993

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.